# یاسای بوودجەی ساڵی ١٩٩٣ی
# هەرێمی کورستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**نەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٥**
**مێژووی بڕیار ١٩٩٣/٣/١**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمی برگەی (١) لە مادده(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢و لە سەر پێشنیازی وەزیری دارایی وئابووری وبڕیار لە سەردانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٢/٢٨ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٩٣
## یاسای بوودجەی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کورستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

(١/٢٣٤/٨٦٩/٤٠٠) دینار بۆ مەسرەفی ساڵی١٩٩٣ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان وبەڕێوەبەرێتییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق تەرخان دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

داهات بە کۆی(١٠١٣/٨١٢/٠٠٠) دینار دەخەملێنرێ.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی ئەو داهاتە داراییەی لە بەر دەستدا دەبێ مەسرەفی وەزارەتەکان وبەڕێوەبەرێتییەکان دەکێشێ.

**ماددەی چوارەم:**

أ – وەزیری دارایی وئابووری دەسەڵاتی گواستنەوەی لە سنووری(اعتماد)ی یەک بابدا دەدرێتێ جگە لەبەشی(فصل) مووچە کە دەشێ بۆی بگوازرێتەوە ونابێ لێ بگوازرێتەوە.

ب– سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆی هەیە گواستنەوە لە سنووری بودجە تایبەتی یەکەی ئەنجوومەندا بکا.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە بە مەبەستی سازکردنی توانای سەرفکردن بۆ ئەو بەرێوەبەرێتییانەی کە بڕیاری جیاکردنەوەییان لە وەزارەتێک و بەستنەوەیان بە وەزارەتێکی ترەوە دەدرێ گواستنەوە لە نێوان بابەکانی بودجەکەدا بکا.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی وئابووری دەسەلاتی زیادکردنی (اعتماد)ی کۆی بووجەی سەلمێنراوی سالی١٩٩٣ی بەرێژەیەک کە لە (١٪)ی کۆی(اعتماد)ی سەلمێنراوی بودجە نەبێ بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە دەدرێتێ:

١- (اعتماد)ی ئەو پارانەی بۆ ئەو بەرێوەبەرێتی یانە پێویستن کە لە سالی ١٩٩٣دا پێک دەهێنرێن.

٢- ئەو (اعتماد)ە نوێ یانەی ئەنجوومەنی وەزیران لە حالەتی ناکاوی(طارئ)دا بڕیار دەدا بیانخاتە سەر بووجەی وەزارەتەکان وبەرێوەبەرێتییەکان.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزارەتی دارایی وئابووری لە بەر رۆشنایی ئەو پارەوپوولەی لە بووجەدا بۆ مووچە دانراوە ئامادەکردن وسەلماندنی میلاکی گشت وەزارەتەکان وبەرێوەبەرێتییەکانی سالی١٩٩٣ی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئەستۆ دەبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

هەموو وەزارەتەکان دەبێ لە ماوەی یەک مانگدا لە رۆژی سەلماندنی بووجەوە تاک تاکی(مفردات) بووجە کە بە سەر جۆرەکاندا(انواع) دابەش بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ وەزیری دارایی وئابووری لە ماوەیەکدا کە لە رۆژی سەلماندنی ئەم یاسایەوە لە یەک مانگ تێپەڕ نەکا رێنمایی پێویست بۆ دیاریکردنی دەسەلاتی سەرفکردن لە لایەن بەرێوەبەرێتییەکانی میریەوە دەربکا.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانیی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاودەکرێتەوە ولە رۆژی ١٩٩٣/١/١ وە جێ بەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**